# حوسێن یەزدانپەنا:




## لە ماوەی ١٥ساڵی ڕابردوودا ٩٠ کۆماری فیدراڵی و سەربەخۆی نەتەوە بندەستەکان دامەزراوە و کوردیش دەیەوێت لەسەر خاکی خۆی دەسەڵاتی خۆماڵی هەبێت

لە مانگی ڕابردوودا خرۆشانێکی جەماوەری گەورە زۆربەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی گرتەوە و تا ڕادەیەکی باش هاودەنگییەک لە نێو کوردی ڕۆژهەڵاتدا دروست بوو، ئەگەر چی لە تەواوی ئێراندا کەس هاودەنگیی لەو خرۆشان و ڕاپەرینە نەکرد بەڵام بۆ خۆی زەنگی هوشیاری بوو بۆ دەوڵەتی ئێران بە تایبەتی لە قۆناغی سەرەتای هەڵبژاردنی بەڕێز ئەحمەدی نەژاد بەسەر کۆمار ئێران کورد بایەخی خۆی ڕاگەیاند کە دەبێت لە چوار چێوەی سیاسیەتەکانی ئێراندا دۆزەکەی وەکدۆوی نەتەوەیەک مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت ئیدی سەردەمی پشتگوێ خستنی خواستی کورد بەسەر چوو.

بۆ گفتوگۆ لە سەر ئەم باسە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ بەڕێز حوسێن یەزدانپەنا سکرتێری یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان سازدا.

دیمانە: ئارتیکا ڕۆژهەڵاتی

*** هۆکاری ڕاپەڕینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان:**

– زیاتر لە چارەکە سەدەیەکە، گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەروەک باقی پارچە داگیرکراوەکانی نیشتمانە لەت لەتکراوەکەی، لە ژێر زەبروزەنگ و کوشتاری ڕێژێمێکی داگیرکەردایە، ڕاپەرین تەقینەوەی ڕق و قینی پەنگخواردوی ئەو گەلە بوو، سەردەمی کۆیلەیەتی لە جیهاندا بەسەر چووە و گەلی کورد هەربە کۆیلەیەتی ماوەتەوە. ڕاپەرین، تەکانێک بوو بۆ پچڕانی کۆتوبەندی کۆیلەیەتی. لەماوەی ١٥ ساڵی ڕابردوودا، ٩٠ کۆماری فیدراڵ و سەربەخۆی نەتەوەبندەستەکان دامەزراوە. گەلی کوردیش چیدیکە دەسەڵاتی بێگانەی پێ قبوڵ ناکرێ. دەیەوێ لە سەر خاکی خۆی دەسەڵاتی خۆماڵیی هەبێ ڕاپەرینی بزاوتێک بوو بۆ وەدیهاتنی ئەو ئامانجە. لە نێوان داگیرکەر و داگیرکراودا شەڕێکی مێژوویی هەیە. ڕاپەرین نەبەردێک بوو لەو شەڕە. درێژەی ئەو بزوتنەوە ڕزگاریخوازییە بوو کە سەددەی ڕابردووی کورد بوو. بەڵام ئەوەی بە شێوەیەکی دیار بووە چەخماخەی ئەو ڕاپەڕینە شەهیدکرانی کاک (شوانەی سەید قادری) ئەندامی یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان و خۆشەویستی لاوانی مهاباد بوو. بێجگە لەوەش، هاوزەمانی ١٦ یەمین ساڵی تیرۆری د.عەبدولڕەحمان قاسملوو، لەگەڵ ئەو

ڕووداوە،هۆکــارێکی دیکەی تەقینەوەکە بوو.

* ڕەوشــتی ئۆپۆزیســیــۆنی ڕۆژهــــەڵات دەربــــارەی ڕاپەڕینەکە:

## لە ماوەی یەک مانگ ڕاپەڕینی گەلی کورد، نە لە هیچ ناوچەو هەرێمێکی ئێرانەوە هاودەنگی لەگەڵ کورد کرا و نەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە هانای کوردەوە هات

– ڕاپەڕین ئاکــــامی بەرنامــەیەکی دارێژاوی هێــزە سیــاسییەکان نەبوو. ئەوان نە تەنیا نەیانتوانی ئەو ڕاپەڕینە سەرکردایەتی بکەن، بەڵکوو نەیانتوانی بچووکتــرین هاوکــاریی و هاواهەنگی پێکەوە بکەن، تەنانەت تا ئاستی دەرکردنی بەیاننامەیەکی هاوبەش. لە ماوەی یەک مانگەی ڕاپەڕیندا دوو هێزە نەتەوەییەکەی ڕۆژهەڵات واتە حیزبی دیموکرات و یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان تەنیا کۆبوونەوەیەکی هەردوو سەرکردایەتییان بۆ تاوتوکردنی بارودۆخەکە کرد. ئیتر هەر کەس لەلای خۆیەوە و بە پێی بەرنامەی خۆی کاری دەکرد و هەڵویستی دەگرت. ئەوە کەموو کورییەکی زۆر گەورە بوو. بەڵام ڕاپەڕین دابڕاو لە ڕابردووش نەبوو. بە هەزاران ئەندام و لایەنگری هێزە سیاسییەکان لەو ولاتەدا لە کارو جموجۆڵدان. ئەوانە بەشێکی چالاک لە ڕێکخەرانی ئەو ڕاپەڕینە بوون.

* هۆی دامرکانەوەی ڕاپەڕینەکە:

– تەنیایی کورد! لە ماوەی یەک مانگ ڕاپەڕینی گەلی کورد، نە لە هیچ ناوچەو هەرێمێکی ئێرانەوە هاودەنگی لەگەڵ کورد کرا و نەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە هانای کوردەوە هات. لە کۆتاییەکانی ڕاپەڕینەوە، ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هەڵوێستێکی نەرمی دژی سەرکوت و زەبرو زەنگی "کەمایەتی کورد" ڕاگەیاند. بێجگە لەوە خەڵکی ڕاپەڕیو چاویان زۆر لە باشوور بوو. بەڵام وا دیار بوو، سەرکردایەتی سیاسی کورد لە باشووریش لە دۆخێک دا نەبوو، بتوانێ یارمەیتی ئەو ڕاپەڕینە بدا. بەو حاڵەوە خەڵک هەر مانگێک دەتوانێ لەبەر زەبروزەنگدا خۆی بگرێ. ئێوە دەزانن کە چۆن لە عەرز و ئاسمانەوە گەلی ڕاپەڕیوی ئێمە کەوتە بەر سەرکوت و لێیدرا.

* چ پەیوەندییەک لە نێوان ناسیونالیزمی کوردی و ڕاپەڕین دەبینن؟

– پەیوەندییەکی توند و تۆڵ. ناسیونالیزمی گەلێکی بندەست، ئامانجی ڕزگاری لە بندەستی دەسەڵاتی بێگانە و هەڵدانی چەترێکی سیاسییە بە سەر ئەو پانتاییە کوددوریی و جوگرافیەدا کە هەیەتی . ئامانج و ویستی گەلی کورد ڕوونە. کورد دەیەوێ وەک مافێکی ڕەوای خۆی وەک هەر نەتەوەیەکی ئەم جیهانە بە ئازادی بژی و دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆی کە هەمان دەولەتە، چی بکا. هەر تەفسیرێکی دیکە بۆ هەستان و ڕاپەڕینی کورد لە باشترین حاڵەتدا نەزانییە.

بە پانتایی کولتوری و جوغرافیمان، لە ڕۆژهەڵات هەر لە مەڵبەندەکەی سمکۆی نەمرەوە تا ئیلام، لە یەک مانگی ڕابردوودا کورد لە دژی داگیرکەران هەستا و ڕاپەڕی. دیارە وەک هەر شۆڕش و ڕاپەڕینێکی دیکە، ٢ قۆناغ بۆ هاتنە دی ئەو ئامانجە هەیە. قۆناغی ڕاپەڕین و تێکدان و ڕماندن کە بریبییە لە ڕادانی داگیرکەر و تێکدانی دام و دەزگای داگیرکەری و قۆناغی بنیاتنان کە بریتییە لە ڕێکخستنەوەی هەیکەلی

## کورد دەیەوێ وەک مافێکی ڕەوای خۆی وەک هەر نەتەوەیەکی ئەم جیهانە بە ئازادی بژی

دەسەڵات. ڕاپەڕینی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات بەشێک بوو لە قۆناغی یەکەم. ئەو قۆناغە هەر ماوە. لە نەبەردەکانی داهاتوودا کورد ئەو قۆناغە دەبڕێ و سەرەنجام دەچێتە قۆناغی دووهەمەوە.■